**Article**

IJOKS

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
5 (1), pp. 194 – 212
http://www.ijoks.com

# Zihaf Impact on music Activators of Hashu Lines of Kurdish classical poetry

***Nawzad Waqas SAEED [1]& Hiwa Nuraddin AZIZ [2]***

**Received**: Jul 02, 2018 **Reviewed**: Nov 07, 2018 **Accepted**: Nov 15, 2018

## Abstract

The relation between the duration of time spend on the foot prosodies of Kurdish Classic poems and music is a direct relation, so any increase and decrease in the time ,due to prosody rules, will create upset, slowdown in rhythm and music of a line in a poem(verse). The change in time depends on a set of rules. These rules in the science of poetic meters (prosody) are called prosody changes and this paper will look at examples found in Zihaf and Ellals.

It will discuss the change in the duration of time spent on foot prosodies and consists of an introduction, two parts and a conclusion.

In the first part, prosody as a concept has been outlined. The number of foots, essentials of prosody, number of syllables, and arrangements of long and short foot prosody syllables are discussed. Furthermore, a short summary is provided on Zihaf and Ellals as well as their impacts.

Moreover, by using "prat," a software program to measure sound, after recording ten different readings and saving them in ten sound format files, the program managed to scientifically read the duration of time spent on the foots in addition to taking pictures of all essentials, Kurdish classic foots and high and low sound waves.

In the second section of this article, the effects of types of Zihaf (Khubn, Tae, Qabz and kaf) and bauble Zihaf on the duration of time spend on foot prosody and their effect on the high and low of sound waves, slowing down of rhythm and music of foots are discussed.

**Key words:** Haruz changing, Zihaf, Ella, Haruz, Zarb

[1]Prof.Dr. Department of Kurdish Language, College of Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region-Iraq. Email: Nawzad.saeed@su.edu.krd,
[2]Correspondent Author: Lecturer, Department of Kurdish Language, College of Education- Makhmur, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region-Iraq. Email: hiwa.aziz@su.edu.krd, **ORCID NO**: https://orcid.org/0000-0001-5517-687X

**Recommended citation:**
Saeed, N. W. & Aziz, H.N. (2019). Zihaf Impact on music Activators of Hashu Lines of Kurdish classical poetry. *International Journal of Kurdish Studies* 5 (1), 194 – 212
DOI: **10.21600/ ijoks.516503**

## كاریگەری زیحافەكان لەسەر مۆسیقای تەفعیلەكانی حەشووی دێڕی شیعری كلاسیكی كوردی

پ.د.نوزاد وەقاص سەعید　　　　م. هیوانورالدین عزیز

**پێشەکی:**

زیحاف و عیللەکانی شیعری کلاسیکی کوردی کۆمەڵێک گۆڕانکارییین دەچنە سەر تەفعیلەعەروزییەکان و دەبنەهۆی گۆڕان لەماوەی کات خایاندن و بەرزی و نزمی شەپۆڵە دەنگییەپێکهێنەرەکانیان ،زیحاف و عیللەکان چەند جۆرێکن بەڵام ئەوەی مەبەستە لەم لێکۆلینەوەیەدا تەنیا زیحافەکانە ، لەشیعری کلاسیکی کوردیدا بەزۆری چوارزیحافی تاک(خەبن ، تەی ، قەبز ، کەف) و یەک زیحافی جووت(شەکل) بەکارهاتوون، ئەم لێکۆلینەوە **بەناونیشانی** ( کاریگەری زیحافەکان لەسەر مۆسیقای تەفعیلەکانی حەشووی دێری شیعری کلاسیک) ە ، لێکۆلینەوەکە لەسەر بنەمای (١٠) جۆرخوێندنەوەی جیاواز لەلایەن (١٠) کەسی جیاوازەوەوئامادەکرنی خوێندنەوە جیاوازەکان بەشێوەی (١٠) مەلەفی دەنگی کە لەلیستی ( کەبەرنامەیەکی کۆمپیوتەرییە Pratسەرچاوەکان ئاماژەیان پێکراوە و پێوانە کردنیان بەبەرنامەی ( بۆپێوانەکردنی دەنگ و وێنەی شەپۆڵەدەنگییەکان و چڕی و بەرزی و نزمی شەپۆڵە دەنگەکان . **پلانی لێکۆلینەوەکە** بەم شێوەیە، لێکۆلینەوەکە لەدووبەش پێکدێت ، لەبەشی یەکەمدا باس لەپوختەیەکی کورتی زانستی عەرووز کراوە ، ژمارەی تەفعیلەکان و بنەڕەتەکانیان و وێنەی شەپۆڵەدنگییەکانی تەفعیلە عەروزییەکان و بنەڕەتەعەروزییەکان وچۆنییەتی کارکردنی زیحافەکان لەسەرپێکهاتەی تەفعیلەکان کراوە، لەبەشی دووەمدا بەشێوەیەکی ورد باس لەکاریگەری زیحافەکان لەسەرمۆسیقای تەفعیلەکان کراوە حەشووی دێری شیعری کلاسیکدا، **سنووری لێکۆلینەوەکە** ئەوتەفعیلە عەرووزیانەی شیعری کلاسیکی کوردییە کەدەکەوێتە حەشووی دێری شیعری کلاسیکی کوردی ، جگەلەمانەش لەبەر ئەوەی (مفاعلتن) لەعەرووزی کوردیدا بەکارنەهاتووە و (متفاعلن) یش لەکێشی (کامیل) دا لەکێشە کەم بەکارهاتووەکانن بۆیە پشتگوێ خراون.

**ڕێبازی لێکۆلینەوە** وەسفی شیکارییە. ئەم لێکۆلینەوەیەش وەک هەرلێکۆلینەوەیەکی دیکەی ئەدەبی بێ گرفت نەبووە ، **گرفتی ئەم لێکۆلینەوەیە** نەبوونی هیچ سەرچاوەیەک بوو لەئەدەبی کوردیدا کەباس لە پێوانەکردنی تەفعیلەعەرووزییەکان و ماوەی کات خایاندنیان بکات ، **ئامانجی ئەم لێکۆلینەوەیە** دەرخستنی کاریگەری زیحافەکانە لەسەر مۆسیقای تەفعیلەکانی حەشووی دێری شیعری کلاسیکی کوردیدا ، **ئەنجامی ئەم لێکۆلینەوەیەش** لەکۆتاییدا بەچەند خاڵێک خراوەتەڕوو.

**بەشی یەکەم:** پوختەیەک دەربارەی زانستی عەرووز

**(تەفعیلە )عەرووزییەکان** : سەبارەت بەژمارەی تەفعیلە عەرووزییەکان زۆربەی سەرچاوەعەرەبییەکان بەهەشت تەفعیلەی دادەنێن ، بەڵام هەندێکیشیان بە دە تەفعیلەی دادەنێن . تەفعیلە عەرووزییەکان ئەمانەن ( فَعولُنْ ، فاْعِلُنْ ، مَفاْعيْلُنْ ، فاْعِلاْتُنْ ، مُسْتَفْعِلُنْ ، مَفاْعَلَتُنْ ، مُتَفاْعِلُنْ ، مَفْعوْلاْتُ ) [التبریزی ٢٠٠٤: ١٥] , هەندێکیش ژمارەی تەفعیلەکان بە دە تەفعیلە دادەنێن (فعولن ، فاعلن ، مفاعیلن ، فاعلاتن ، مستفعلن ، فاع لاتن ، مستفع لن ، مفعولات ، مفاعلتن ، متفاعلن ) [ذیاب شاهین 2004: 20 ] . جیاوازییەکەش لەوەدایە کە ئەوانەی ژمارەی تەفعیلەکان بە هەشت دادەنێن هەردوو تەفعیلەی ( فاع لاتن ، مستفع لن ) لەگەڵ ( فاعلاتن ، مستفعلن ) بەیەک شت دادەنێن ، بەڵام ئەوانەی بە دە تەفعیلەی دادەنێن لایان وایە ( فاع لاتن ، مستفع لن ) دوو تەفعیلەی سەربەخۆن. بەپرواى ئێمەش ژمارەی تەفعیلە عەرووزییەکان دە تەفعیلەیە چونکە هەردوو تەفعیلەی (مستفعلن ، فاعلاتن ) جیاوازن لە ( مستفع لن ، فاع لاتن ) چونکە لەریزبوونی بنەڕەتەکاندا جیاوزن و لەبازنەکانیشدا جیاوازن تەنیا لەریزبوونی برگەدا وەکویەکن .

**بنەڕەت و ژمارەی برگەی تەفعیلەکان** :

ژمارەی برگەو بنەڕەتەعەرووزییەکانی سەرجەم تەفعیلە عەرووزییەکانی لەم لێکۆلینەوەدا کاریان لەسەرکراوە بەم شێوەیە[ گەردی :١٩٩٩: ١١] .

مَفاْعيْلُنْ : پێکدێت لە وەتەدی کۆ ( مَفاْ ) + سەبەبی سووک (عيْ ) + سەبەبی سووک (لُنْ)

- - - ) . Uحەوت دەنگەو چوار برگەیە بەم شێوەیە (

فاْعِلاْتُنْ : پێکدێت لە سەبەبی سووک (فاْ) + وەتەدی کۆ (عِلاْ) + سەبی سووک (تُنْ) حەوت - - ) . Uدەنگەو چوار برگەیە بەم شێوەیە ( -

فاْع لاْتُنْ : پێکدێت لە وەتەدی بڵاو (فاْع ) + سەبەبی سووک (لاْ) + سەبەبی سووک (تُنْ) حەوت - - ) . Uدەنگەو چوار برگەیە بەم شێوەیە ( -

مُسْتَفْعِلُنْ : پێکدێت لە سەبەبی سووک (مُسْ)+ سەبەبی سووک(تَفْ) + وەتەدی کۆ(عِلُنْ )

- ) . Uحەوت دەنگەو چوار برگەیە بەم شێوەیە ( - -

مُسْتَفْع لُنْ : پێکدێت لە سەبەبی سووک(مُسْ)+وەتەدەی بڵاو(تَفْع ) +(سەبەبی سووک(لُنْ)

- ) .Uحەوت دەنگەو چواربرگەیە بەم شێوەیە (- -

وێنەی شەپۆلی دەنگیی سەرجەم بنەڕەتەعەرووزییەکانی (تەفعیلەکان) بەتەواوی و بەموزاحیفەکانەوەش بەم شێوەیە:

**وێنەی شەپۆلی دەنگیی سەبەبە سووکەکان:**




وەتەدە کۆیەکان:






وەتەدە بڵاوەکان:




**وێنەی شەپۆلەدەنگییەکانی تەفعیلە عەرووزییەکان:**









دوای پێوانەکردنی ماوەی کات خایاندنی تەفعیلە عەرووزییەکان بەبەرنامەیەکی کۆمپیوتەری ) بۆپێوانەکردنی ماوەی کات خایاندنی دەنگ و بەرزی و نزمی و چڕی شەپۆلەدەنگییەکان Prat( و لەبەراوردکردنی ماوەی کات خایاندنی تەفعیلە عەرووزییەکان لەسەرجەم فایلە دەنگییەکاندا ، ماوەی کات خایاندنی تەفعیلە عەرووزییەکان بەم شێوەیە:

، 1.24 ، مستفع لن0.91 ، مستفعلن= 0.91 ، مفاعیلن= 0.70 ، فعولن= 0.67فاعن= 0.98 ، مفعولاتُ = 1.09 ، فاع لاتن= 0.93فاعلاتن=

**زیحاف و عیللەکان** : زیحاف و عیللەکان دووجۆر گۆڕانی عەرووزین و دەچنە سەر تەفعیلە عەرووزییەکان و شێوەکانیان دەگۆڕن ,ئینجا گۆڕانەکان لەسەبەب بێت یان لەوەتەد .

زیحافەکان : گۆڕانێکی عەرووزییە(تایبەتە بەپیتی دووەمی وەستاو لەسەبەبدا ، دەچێتەسەر هەمووتەفعیلەکانی دێری شیعر، گۆڕانێکی ئیلزامی نییە )[الهاشمی: 2004: 17] ، تەفعیلەکان بەهۆی زیحافەکانەوە لاواز دەبن چونکە زیحافەکان دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی دەنگ .

زیحافەکان دوو جۆرن :

زیحافەتاکەکان : ژمارەی زیحافە تاکەکان لەزانستی عەرووزدا هەشت زیحافە، بەڵام ئەوەی تایبەت بێت بەشیعری کلاسیکی کوردی چوار زیحافی تاک هەیە کەزۆر باون و بەکاردێت ئەوانیش (خەبن ، تەی، قەبز، کەف) ، هەرچی(ئیزمار، وەقص، عەسب،عەقل)ن، زۆر بەدەگمەن نەبێت بەکارنەهاتوون هەربۆیە ئەم لێکۆلینەوەیەش چوار زیحافەکەی دوایی پشتگوێ دەخات . هەرچی تەفعیلەی (مفاعلتن ،متفاعلن) لەکێشی وافیرو کامیلدا(( لەکوردیدا جگە لەچەند نموونەیەکی کەمی کێشی کامیل کە (متفاعلن)ە ،کامیل و وافیر لەکوردیدا بەرچاو ناکەون )) [گەردی ، ١٩٩٩: ٢٩٧] ، بۆیەهەردووتەفعیلەکە لەبەرنامەی کاری ئەم لێکۆلینەوەیەدا نین.

زیحافەتاکەکان: زیحافە تاکەکان بەم شێوەی خوارەوە کاردەکەن[مولوود:2010 : ٢٦]

خەبن : فڕێدانی پیتی دووەمی وەستاوە لەسەبەبدا

فاْعِلاْ تُنْ ← فَعِلاْ تُنْ

تەی : فڕێدانی پیتی چوارەمی وەستاوە لەسەبەبدا

مُسْتَفْعِلُنْ ← مُسْتَعِلُنْ (مُفْتَعِلُنْ)

قەبز :فڕێدانی پیتی پێنجەمی وەستاوە لەسەبەبدا

مَفاْعِيْلُنْ ← مَفاْعِلُنْ

کەف : فڕێدانی پیتی حەوتەمی وەستاوە لەسەبەبدا

مَفَاعِيْلُنْ مَفَاعِيْلُ

زیحافە جووتەکان : زیحافە جووتەکان لەزانستی عەرووزدا ژمارەیان چوارە ( خەبل ، خزل، شەکل ، نەقس) ە ، بەڵام لەشیعری کلاسیکی کوردیدا تەنیا شەکل بەکارهاتووە .

شەکل: بریتییە لە (خەبن+کەف) لە(فَاعِلاَ تُنْ )دا ،(فَاعِلاَ تُنْ) بەخەبن دەبێتە (فَعِلاَتُنْ) و(فَعِلاَتُنْ ) بەکەف دەبێتە (فَعِلاَتُ) ،پێیەکەش پێی دەگوترێت مەشکول [گەردی ، ٢٠١٦: ١١٨] .

## بەشی دووەم : کاریگەری زیحافەکان لەسەر ریتم ومۆسیقای تەفعیلەکان :

یەکەم: کاریگەری زیحافەتاکەکان:

لێرەدا مەبەست کەم بوونەوەی ماوەی کات خایاندنی تەفعیلە عەرووزییەکانە بەهۆی چوونەسەری زیحافەکانەوە ، کەکاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر مۆسیقای تەفعیلە عەرووزییەکان و پاشانیش دێرە شیعرەکان هەیە، کاریگەرییەکەش جیاوازی هەیە لەزیحافێکەوە بۆزیحافێکی دیکە چونکە (( هەندێکیان ئاوازەکە سووکترو خۆشتر دەکەن و هەندێکی تریش ئاوازەکە قورستر دەکەن))[ گەردی، ١٩٩٩: ١٢٤] ،لەلایەکی دیکەوە جۆرو سیفەتی ئەودەنگانەی تەفعیلەکانی لێ درووست دەبێت کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر مۆسیقای تەفعیلە عەرووزییەکان هەیە .

زیحافی خەبن:

فاعلاتن(0.93) ئەم ( ف ، أ ، ع ، ل ، أ، ت ، ن ) ئەم تەفعیلەیە لە حەوت دەنگ پێکهاتووە : دەنگانەش هەریەکەو سیفەتی تایبەتی خۆی هەیە ، بوونی دووبزوێنی درێژی( أ ) لەتەفعیلەکەدا لەگەڵ جۆری بڕگەی یەکەمی کەبڕگەیەکی درێژی ستوونییە واتە ڕوولەهەڵسانە بڕگەی دووەمیشی بەرەوژێرەو بڕگەی سێیەمی ڕوولەهەڵسانەو بڕگەی چوارەمی ئاسۆییە وای کردووە کەمۆسیقای(فاعلاتن)
لەهەمووتەفعیلەکانی دیکەبەهێزتربێت. ( فاعلاتن )

ڕیزبوونی بنەڕەتەکانی بەرلەوەی (خەبن)ی بچێتەسەربەم شێوەیە(سەبەبی سووک ، وەتەدی ((18%)کۆ، سەبەبی سووک).ئەم تەفعیلەیە کاتێک زیحافی (خەبن) وەردەگرێت ڕێژەی لە کاتەکەی دەڕوات،بڕگەی یەکەمی کورت دەبێتەوە بەم شێوەیە ( )بەمەش دووبڕگەی سەرەتای ڕوولەخوارەوە دەبێت چونکە هەموو بڕگەیەکی کورت ئاڕاستەی بەرەو خوارەوەیە،ڕیزبوونی بنەڕەتەکانیشی بەم شێوەیە دەگۆڕێت(فاصیلەی بچووک، سەبەبی سووک) بەمەش مۆسیقاکەی خێراترو سووکتردەبێت چونکە ماوەی کات خایاندنەکەی کورت دەبێتەوە، ئەگەر( فاعلاتن) بەبێ زیحاف بەکاربێت ماوەی کات خایاندنی(أ) لە (فا) دا درێژتر دەبێت لە(أ) لە(لا)دا ، بەڵام کاتێک زیحافی (خەبن) وەردەگرێت ماوەی کات خایاندنی (لا) درێژدەبێتەوە هەروەک لەوێنەکەدا






ئەگەر سەیری وێنەکان بکەین (لا) لە(فاعلاتن) دا کورتترە لە(لا) لە(فعلاتن) دا، لەڕووی کاتەوە یە، جگەلەجیاوازی لەوێنەی شەپۆلەدەنگییەکانیش . (0.19) یە و لە فعلاتن (0.14)(لا) لەفاعلاتن جگەلەدرێژی (لا) ، کاتی وەستانەکان لەمەخبوون (فعلاتن) دا زیاترە وەک لە(فاعلاتن)دا .

بزوێنەدرێژەکان ڕۆلیان هەیە لەبەهێزکردنی مۆسیقای تەفعیلەکاندا چونکە ماوەی کات خایاندنیان لەدەنگەکانی دیکەی زمان درێژترە بەمەش دەنگ دانەوەیان لەگوێدا زیاتر دەبێت ومۆسیقای تەفعیلەکە بەهێزدەکەن،بزوێنەدرێژەکان کاریگەرییان لەسەردەنگەکانی دوای خۆیان هەیە بەوەی کە دەنگدانەوەیان زیاترەوەدەنگدانەوەی دەنگەکانی دوایخۆیان کزولاوازدەکەن.




زیحافی خەبن جیاوازی لەنێوان وەستانەکاندا دروووست کردووە بەشێوەیەک وەستانی یەکەم لە(فعلاتن)دا ماوەکەی درێژترە لەوەستانی یەکەم لە(فاعلاتن)دا، وەستانی سێیەم لە(فعلاتن) ماوەکەیدرێژترە لە هەمان وەستان لە(فاعلاتن)دا ، ئەم جیاوازییانەش دەبێتەهۆی گۆڕینی ریتمی تەفعیلەعەروزییەکە. جگە لەم گۆڕانکارییانەی باسکران گۆڕانە عەروزییەکان کار لەچڕی دەنگی تەفعیلەکان و مەودای لەرینەوەیان لەهەواوا دەکەن بەجۆرێک بەرزی و نزمی شەپۆلەدەنگییەکان گۆڕانیان بەسەرداەدێت بەم شێوەی خوارەوە:




) ، نزمترین 87.08dbوەک لەوێنەکەدا دیارە بەرزترین شەپۆلی (فاعلاتن)بەرەو سەر بریتیەلە( ) ،بەڵام لە(فعلاتن) دا بەرزترین شەپۆل بەرەو سەر 60.26dbشەپۆلی بەرەو خواربریتییەلە(

( ، جیاوازیئنێوان بەرزترین و 62.39db) ، نزمترین شەپۆل بەرەو خوار بریتییەلە(86.17dbبریتییەلە( نزمترین شەپۆڵ لەهەردوو تەفعیلەکە بەم شێوەیە:

87.08 db – 86.17 db = 0.91 db(بەرزترین)

62.39 db – 60.26db = 2.13 db(نزمترین)

(3.04 db)کەواتە کاریگەری (خەبن) لەسەر بەرزی و نزمی شەپۆڵەدەنگییەکان بریتیەلە

: ئەم تەفعیلەیە لەچوار برگە پێکهاتووە ، دووبڕگەی یەکەمی درێژەو ئاسۆییە، (0.91) مستفعلن بڕگەی سێیەمی کورتەو ڕوولەخوارەوەیە برگەی چوارەمیش بڕگەیەکی درێژی ئاسۆییە( ( ،تەفعیلەکە بەبێ زیحافی خەبن ڕیزبوونی بنەڕەتەکانی بەم شێوەیە( سەبەبی سووک ، سەبەبی سووک ،وەتەدی کۆ)

یکاتەکەی کەم دەبێتەوە،ڕیزبوونی بنەڕەتەکانی دەگۆڕێت (18%)بەڵام دوای گۆڕانەکەبەرێژەی لە بۆ (وەتەدی کۆ، وەتەدی کۆ) ، بەم گۆڕانەش تەفعیلەکە لەدەربڕیندا سووک دەبێت و بەمەش مۆسیقاکەیخێراتردەبێت. ماوەی وەستانەکان و مەودای نێوانیان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر مۆسیقای تەفعیلە کە درووست دەکات ،وەستانی دووەم لە(مستفعلن) دا ماوەکەی زیاترە لەوەستانی دووەم لە(مفاعلن) دابەپێچەوانەوە وەستانی یەکەم لە(مفاعلن) دا ماوەکەی زیاترە وەک لە(مستفعلن) دا .




کاریگەری گۆڕانەکە لەسەر گۆڕانەکەلەسەر بەرزی و نزمی شەپۆڵەدەنگییەکان بەم شێوەیە:




، نزمترین شـەپۆلیش بریتییەلە(78.24 db)بەرزترین شـەپۆلی دەنگی (مسـتفعلن)بریتییەلە

،نزمترین شـەپۆلیش (82.31db)بەرزترین شـەپۆلی دەنگی (مفاعلن) بریتییەلە(61.37db) ، جیاوازییەکە بەم شێوەیە:(59.01db)بریتییەلە

82.31db – 78. 24db =4.07db(بەرزترین)

61.37db -59.01db =2.36db(نزمترین)

.(6.43db)کەواتە کاریگەری زیحافەکە لەسەر شەپۆلە دەنگییەکان بریتییەلە

: ئەم تەفعیلەیە لەحەوت دەنگ پێکدێت(م ،س،ت، ف،ع، ل، ن)(1. 24)مستفع لن

ڕێزبوونی پڕگەکانی هەمان شێوەی (مسـتفعلن) ە ، بەڵام ڕیزبوونی بنەڕەتەکانی جیاوازە بەرلەوەرگرتنی زیحافی( خەبن)ڕیزبوونی بنەڕەتەکانی بەم شێوەیە (سەبەبی سووک، وەتەدی ی کاتەکەی کەم دەبێتەوە،(40%)بڵاو، سەبەبی سووک) ، لە

ڕیزبوونی پڕگەکانیش بەم شـێوەیەدەگۆڕێت پڕگەی(کورت، درێژ، کورت، درێژ )

جگە لەمە جیاوازی لەنێوان کاتی وەستان لەناوەڕاستی تەفعیلەکاندا هەیە،ئەممەش کاریگەر لەسەر ماوەی کات خایاندنی تەفعیلەکان دەبێت کەدەبێتەهۆی گرژ و خاوی لەریتمدا.



کاریگەری زیحافەکەلەسەر بەرزی و نزمی شەپۆلەدەنگییەکانی هەردووتەفعیلەکە بەم شێوەیە:




نزمترین شەپۆلیش (79.00db)بەرزترین شەپۆلی دەنگی (مستفع لن) بریتییەلە،
نزمترین (90.51db)،بەرزترین شەپۆلی دەنگی (مفاع لن) بریتییەلە(71.49db)بریتییەلە،
جیاوازی نێوان شەپۆلەکان بەم شێوەیە:(78.03db)شەپۆلیش بریتییەلە

90.51db – 79.00 db = 11.51db(بەرزترین)

78.03db – 71.49db = 6.54db(نزمترین)

(18.05db)کەواتەکاریگەریگۆڕانەکەلەسەربەرزی ونزمی شەپۆلەدەنگییەکان بریتییە لە

زیحافی تەی:

: لەپێشدا لەزیحافی (خەبن) دا ئاماژە بۆ ڕیزبوونی پڕگەکان و بنەڕەتەکانی (0.91)مستفعلن کراوە لێرەدا تەنیا جیاوازییەکەی نیشان دەدەین دوای وەرگرتنی زیحافەکە.

ی کاتەکەی کەم دەبێتەوە ، (13%)مستفعلن بەزیحافی (تەی) دەگۆڕدرێت بۆ (مفتعلن )و لە پڕگەکانی دەبێتە (درێژ، کورت ، کورت ، درێژ) ئاراستەی پڕگەکانی بەم شێوەیە دەبێت ( )، جیاوازی ڕیزبوونی بنەڕەتەکانی دوای وەرگرتنی زیحافەکە بەم شێوەیە دەبێت(سەبەبی سووک، سەبەبی قورس، سەبەبی سووک) جیاوازییەکەلەبنەڕەتی ناوەڕاست دەردەکەوێت لە(مستفعلن)سەبەبی سووکەولە(مفتعلن ) دەگۆڕێت بۆسەبەبی قورس ، ئەم گۆڕانی ڕیزبوونەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر مۆسیقای تەفعیلەکە دەبێت، جگەلەمەش ماوەی وەستانەکان ومەودای نێوانیان لەنێوان هەردووتەفعیلەی(مستفعلن) ، (مفتعلن) دا جیاوازە وەستانی دووەم لە(مستفعلن) ماوەکەی زۆر زیاترە لەوەستانی دووەم لە(مفتعلن) دا ،ئەم جیاوازییە زۆرە جیاوازی ریتم لەنێوانیان درووست دەکات .




دوای وەرگرتنی گۆڕانەکە بەرزی و نزمی شەپۆلە دەنگییەکانی هەردوو تەفعیلەکە گۆڕانیان بەسەرداهات بەم شێوەیە:




نزمترین شەپۆلیش (78.24db)بەرزترین شەپۆلەدەنگییەکانی (مستفعلن) بریتییەلە، نزمترین (73.85db) ،بەرزترین شەپۆلەدەنگییەکانی (مفتعلن) بریتییەلە(61.37)بریتییەلە ، جیاوازییەکەش بەم شێوەیە:(62.97db)شەپۆلیش بریتییەلە ،

78.24db – 73.85db = 4.39db(بەرزترین)

62.97db- 61.37db = 0.06 db(نزمترین)

(4.45db)کەواتە کاریگەری زیحافەکەلەسەربەرزیونزمی شەپۆلەدەنگییەکان بریتییەلە

زیحافی قەبز:

پڕگەی یەکەمی کورتەو سێ پڕگەی دوایی درێژە ،ئاراستە پڕگەکانی (0.91)تەفعیلەی مفاعیلن بەم شێوەیە (              ) ڕیزبوونی بنەڕەتەکانی بەم شێوەیە( وەتەدی کۆ، سەبەبی سووک، ی کەم دەبێتەوە، پڕگەی (15%)سەبەبی سووک) ، کاتێک زیحافی قەبز وەردەگرێت ڕێژەی لە سێیەمی لەپڕگەیەکی درێژ دەگۆڕێت بۆ پڕگەیەکی کورت واتە ماوەی کات خایاندنی پڕگەی سێیەم بۆنیوە کەم دەبێتەوە.

جیاوازی دەنگی /ی/ لەبڕگەی سێیەمی هەردوو تەفعیلەکە بەم شێوەیە :







جیاوازی(مفاعیلن)لەوەستانەکاندا زیاترەلەگەڵ مەقبوزەکەی، بۆیە (مفاعیلن) بەمەقبووزی ریتمی خێراترە چونکە وەستانی کەمترە .




گۆڕانی شەپۆلەدەنگییەکانی (مفاعیلن) لەدوای وەرگرتنی زیحافی(قەبز) بەم شێوەیە:







بەرزترین ، نزمترینیش (77.69db)شەپۆلی دەنگی (مفاعیلن) بەر لەوەرگرتنی زیحافەکە بریتییەلە ، (82.31db)، دواى وەرگرتنی زیحافەکەبەرزترین شەپۆلی دەنگی دەبێتە(66.34db)بریتییەلە ، جیاوازی نێوانیان بریتییەلە:(59.01db)نزمترین شەپۆلیش دەبێتە

( بەرزترین)(82.31db – 77.69db = 4.62db)

( نزمترین) کەواتە کاریگەری زیحافی(قەبز)لەسەر شەپۆلە 66.34db – 59.01db) = 7.33db (11.95db)دەنگییەکان بریتییەلە

زیحافی کەف:

کاتەکەی کەم دەکاتەوە ، لەپێشدا لەزیحافی (8%) : زیحافی (کەف) بەرێژەی لە(0. 91)مفاعیلن (قەبز) دائامازەبۆ بنەرەت و جۆری پرگەو ئاراستەی پرگەکانی کراوە ،لێرەدا تەنیا ئاماژە بۆجیاوازیوەستانەکان لە(مفاعیلن ) ، (مفاعیلُ) دەکەین بەم شێوەیە:




وەستانی یەکەم لەهەردووکیانداوەکویەکە بەڵام وەستانی دووەم لەکەکفووفدا دووهێندەی وەستانی تەفعیلەکەیە بەسالمی ، وەستانی سێیەمیش جیاوازی هەیە بەڵام بەرێژەیەکی کەمتر .ئەم جیاوازییە لەدەرپریندا کەبەهۆی وەستانەکانەوە درووست دەبێت گۆران لەریتمی تەفعیلەکە درووست دەکات .

گۆڕانی شەپۆڵەدەنگییەکانی (مفاعیلن) لەدوای وەرگرتنی زیحافی (کەف) بەم شێوەیە:




، نزمترینیش (77.69db)بەرزترین شەپۆڵی دەنگی (مفاعیلن) بەر لەوەرگرتنی زیحافەکە بریتییەلە ، (78.05db)، دواى وەرگرتنی زیحافەکەبەرزترین شەپۆڵی دەنگی دەبێتە(66.34db)بریتییەلە ، جیاوازی نێوانیان بریتییەلە:(66.44db)نزمترین شەپۆڵیش دەبێتە

( بەرزترین)(78.05db – 77.69db = 0.36 db

(نزمترین)66.44db – 66.34db) = ( 0.10db

لەمەوەش دەردەکەوێت کە زیحافی (کەف) (0.46db)کەواتە کۆی گشتی جیاوازییەکە بریتییەلە لەڕووی ئاوازەو بەرزی و نزمی شەپۆڵەدەنگییەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر تەفعیلەکە دروست نەکردووە.

ی کاتەکەی کەم دەکاتەوە، ئەم تەفعیلە (15%): زیحافی (کەف) ڕێژەی لە(1.09)فاع لاتن لەڕووی ژمارەی دەنگ و ڕیزبوونی بڕگەکان و ئاراستەی بڕگەکان هەمان شێوەی (فاعلاتن) ە کەلەزیحافی( خەبن) دائامازەی بۆکراوە، جیاوازییەکەیان لەڕیزبوونی بنەڕەتەکاندایە ، هەرتەفعیلەیەکی عەرووزی بەهەرگۆڕانێک زیحاف بێت یان عیللە کاتێک دەنگێکی کەم دەبێتەوە کاریگەری لەسەردەنگەکانی دیکە دروست دەکات، کاریگەرییەکەش بەشێوەک دەبێت کەدەنگێکی پێشەخۆی یان دوای خۆی بەدرێژتر دەردەبڕدرێت .کاتێک (فاع لاتن) مەکفووف دەکرێت ماوەی وەستانەکان و مەودای نێوانیان گۆڕانی بەسەر دادێت، بەم شێوەیە:




وەستانی سێیەم لەمەکفووفدا ماوەکەی زیاترە ،جیاوازیش هەیە لەنێوان هەردوو(لا) دا




کاریگەری زیحافەکە لەسەر ئاوازەو بەرزی و نزمی شەپۆڵەکان تەفعیلەکە بەم شێوەیە:




، نزمترینیش (86.64db)بەرزترین شەپۆڵی دەنگی (فاع لاتن) بەر لەوەرگرتنی زیحافەکە بریتییەلە ، (89.32db)، دوای وەرگرتنی زیحافەکەبەرزترین شەپۆڵی دەنگی دەبێتە(53.47db)بریتییەلە ، جیاوازی نێوانیان بریتییەلە:(56.03db)نزمترین شەپۆڵیش دەبێتە

( 89.32db – 86.64db = 2.68 db)(بەرزترین)

56.03db – 53.47db) = ( 2.56db(نزمترین)

(5.24db)کۆی گشتی جیاوازییەکەبریتییەلە

ئەم تەفعیلەیە پێنج دەنگەو چواربڕگەیە ،بڕگەی یەکەم و ( 0. 72 )زیحافی جووتی شەکل: فعلاتُ دووەم و چوارەمی کورتەو بڕگەی سێیەمی درێژە ،ئاراستەیبڕگەکانی بەم شێوەیە( ) ، ی کاتەکەی کەم دەکاتەوە، هەرگۆڕانێکی عەرووزی ئەگەر (20%)زیحافی (شەکل) ڕێژەی لە لەیەک دەنگ زیاتر لاببات ئەوامۆسقای تەفعیلەکە لەگوێدا قورس و ناخۆش دەبێت بەتایبەتیش (شەکل) چونکە سێ بڕگەی جوڵەدار لەیەک تەفعیلەدا لەگۆکردن و لەبیستنیشدا قورسە .

(فاعلاتن )کاتێک مەشکول دەکرێت دووبڕگەی درێژی کورت دەبێتەوە، لەڕووی کاتەوە وەک ئەوە وایە بڕگەیەکی کەمکرابێتەوە چونکە بڕگەدرێژەکان بۆنیوەی کاتەکەی خۆیان کەم دەبنەوە ، جگە لەکاتەکە ماوەی وەستانە عەرووزییەکانیشی گۆڕانی بەسەر دادێت.




وەستانی یەکەم لە(فاعلاتن) دووهێندەی وەستانی یەکەمە لە( فعلاتُ ) دا .کەواتە لەزیحافەکاندا و لەکەمکردنەوەی ماوەی کات خایاندندا (خەبن) لەپلەی یەکەم و (شەکل) پلەی دووەم و (قەبز) پلەی سێیەم و (کەف) پلەی چوارەم و (تەی) پلەی پێنچەم دادێن

کاریگەری (شەکل) لەسەر ئاوازەی تەفعیلەکە بەم شێوەیە:




، نزمترینیش (87.08db)بەرزترین شەپۆلی دەنگی (فاعلاتن) بەر لەوەرگرتنی زیحافەکە بریتییەلە ، (84.97db)، دوای وەرگرتنی زیحافەکەبەرزترین شەپۆلی دەنگی دەبێتە(60.26db)بریتییەلە ، جیاوازی نێوانیان بریتییەلە:(60.93db)نزمترین شەپۆلیش دەبێتە

87.08db – 84.97db = 2.11 db)(بەرزترین) (

60.93db – 60.26db) = ( 0.67db (نزمترین)

(2.78db)کۆی گشتی جیاوازییەکەبریتییەلە

ئەنجام:

( وێنەی بنەڕەتەکان و PRAT* لەم لێکۆلینەوەیەدا توانرا بەشێوەیەکی زانستی و بەبەرنامەی ) تەفعیلە عەروزییەکان بگرین کەلەئەدەبیاتی کوردیدا شتێکی تازەیەو پێشتر نەکراوە.

* لەم لێکۆلینەوەیەدا توانراوە ماوەی کات خایاندنی سەرجەم ئەوتەفعیلە عەرووزییانە دیاربکرێت کەلەلێکۆلینەوەکەدا بەکارهاتوون بەم شێوەیە:

=فاعلاتن0.93 =مستفعلن ، 0.91=مستفع لن ، 1.24 =مفاعیلن ، 0.91،

1.09 فاع لاتن=

* زیحافەکان دەبنەهۆی گۆران لەماوەی کات خایاندنی تەفعیلەکان و دەنگەپێکهێنەرەکانی تەفعیلەکان.

* کاریگەری زیحافەکان لەسەر کەمبوونی ماوەی کات خایاندنی تەفعیلەکان بەم شێوەیە: خەبن[ )] ماوەکەیان کەم دەبێت.40% ) ( مستفع لن 18% ) (مستفعلن % 18(فاعلاتن

) ماوەکەی کەم دەبێت13% تەی ( مستفعلن

% ) ماوەکەی کەم دەبێت15 قەبز :( مفاعیلن

% ) ماوەکەیان کەم دەبێت15 % ) ، (فاع لاتن 8 کەف: (مفاعیلن

% ) مااوەکەی کەم دەبێت20 شەکل: (فاعلاتن

)واتە بەرزی و نزمی شەپۆلی دەنگی سەرجەم تەفعیلەکان گۆرانی db* بەهۆی زیحافەکانەوە ( بەسەردادێت.

* سەرجەم زیحافەکان دەبنەهۆی کەمبوونەوەی ماوەی کات خایاندنی دێری شیعر بەمەش ریتم و مۆسیقای دێری شیعر خێرادەکەن دەکەنەوە .

لیستی سەرچاوەکان:

کتێب : بەزمانی کوردی:

* مولود(عبدالله حدر) ، ٢٠١٠ ز، عەرووز یاکێشناسی، هەولێر، چاپخانەی پاک.

* گەردی (عزیزعبدالله) ،١٩٩٩ ز،کێشی شیعری کلاسیکی کوردی ، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.

*گەردی(عزیزعبدالله)، ٢٠١٦ ز، فەرهەنگی کێسناسی، هەولێر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

کتێب: بەزمانی عەرەبی:

* التبریزی(خطیب) ،2004 م، الكافي في العروض والقوافی، شرح وتعلیق د. محمد احمد قاسم ،بیروت، مكتبة العصرية.

* شاهین(ذیاب) ،2004، العروض العربيفي ضوء الرمز والنضام، الاردن، الطبعة الاولی،

چاوپێکەوتنەکان و تۆمارە دەنگییەکان:

* موسی (م. ئالاء حسن) :فایلی دەیەم :بەرواری تۆمارکردن ٢٨ – ٩ – ٢٠١٧ : شوێن کتێبخانەی تایبەتی ماڵەوە : کات ( ٠٠ : ٨ ) شەو.

* باڵەکی(د.یادکار رەسول) :فایلی سێیەم: بەرواری تۆمارکردن ١٨- ٥ – ٢٠١٧ : شوێن سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران: کات (٠٠: ١١) بەیانی.

* حسن(م. محمد أحمد ) :فایلی حەوتەم: بەرواری تۆمارکردن٢٧- ٩- ٢٠١٧ : شوێن کتێبخانەی ناوبراو: کات (٠٠ :٤ )دوای نیوەڕۆ.

* سعید(د.نەوزاد وەقاص) :فایلی یەکەم: بەرواری تۆمارکردن ١٠ – ٥ – ٢٠١٧ : شوێن کۆلێژی : کات ( ١٠ :٩) بەیانی. پەرەوەردە

* شوکر(م. مقداد محمد):فایلی چوارەم: بەرواری تۆمارکردن٩ -٩-٢٠١٧ : شوێن کۆلێژی پەروەردە ی زانکۆی صلاح الدین : کات (١٢:٠٠ ) نیوەڕۆ.

* عزیز(هاوکار نورالدین) : فایلی نۆیەم:بەرواری تۆمارکردن ٢٨ – ٩ – ٢٠١٧ : شوێن کتێبخانەی تایبەتی ماڵەوە : کات ( ٠٠ :٩ ) شەو

* عزیز(م. هیوا نورالدین) :فایلی شەشەم: بەرواری تۆمارکردن ٦ – ٦ – ٢٠١٧ شوێن کتێبخانەی تایبەتی خۆم : کات( ٨:٠٠ ) شەو .

* عمر(م. محمودعبدالمجید) :فایلی هەشتەم: بەرواری تۆمارکردن ١١ – ٥ – ٢٠١٧ :شوێن کتێبخانەی گشتی زانکۆی صلاح الدین : کات (٣٠: ١٠ ) بەیانی.

* گەردی(د. سردار احمد) : فایلی دووەم: بەرواری تۆمارکردن ٩ -٥ – ٢٠١٧ : شوێن کۆلێژی پەروەردە: کات (١١:٣٠ ) بەیانی.

* کمال(د. دیار علی) :فایلی پێنجەم: بەرواری تۆمارکردن ٢٧ – ٩- ٢٠١٧ : شوێن کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی صلاح الدین : کات (٩:٠٠ ) بەیانی .

**References**


Altabrizi, K., (2004). Adequate in Prosody and Rhythm. Explanations and Comments. Beirut: Maktaba Alasrya.

Gardi, A., (1999). Kursish Classical Rhythm. Erbil: Cultural Ministry Press.

Gardi, A., (2016). The Dictionary of Rhythm. (1st Edition) Erbil: Nareen Press.

Mawlood, A., (2010). Prosody. Erbil: PaK Press.

Shaheen, Z., (2004). Arabic Prosody in the Light of Symbol and System. (1st Edition) Jordan